# راچەنینی ساتەکان



چنار نامق

ئەوشەوانەی
گڵۆپە کوژاوەکانی سەر شەقامەکانیگێتیم دەژمارد
( با ) فەی لەچراکان دەکرد
زەمەنێك وەکو من
جیا لەوان دەئاخافت
گەردیلەیەك بووم لەو ساتانە بەجێ مام
دوا ویستگەیان نەبوبۆ چاوەروانی
ئای لەتێرامانی
چاوی بێئۆقرەی کەناریەك
دەمێ لەدورگە سامناکەکانی
خەونەکانیدا هەڵدەفری ..و
لەقولآیی چاوی کوندە بەبۆکان رادەما
ئەو دەمانە
مانگ لەچاوی کچێکی ماتی رەشپۆش نامۆتر
دەیروانیە چاوی گەشی ئەستێرەکان ..
ئاقارێکی چۆڵ
بارتەقای کەون پێکەنینی
رژاوی تێدا جێمابوو
دەستەکانم هێشویەکیان نەچنیەوە
دەبوو ئەوان لەو ماسیە نوستوانە نەخۆن
کەوا قەدەر رێی پێ نەدان
بەکراسە سەدەفێکانیانەوە
لەگەڵ ئاوازە خەمبارەکانی ئەو شەوەدا سەما بکەن
نیوە شەوێك
زەنگێك لێیداو هێڵەکە پسایەوە
دەیان خەون سەدان پرسیاری
لەناخمدا بەجێهێشت
شەوگار چون بیناییەکانم زەق دەیروانی

لەخەونمدا    پرچم درێژ دەبێتەوەو
تاڵەکانی
یەکە یەکەی شەقامەکانی شار دەماڵێت
دایە گەورەم  لەگۆڕەکەی وەڕس دەبێ   و
دێت لەماڵەکەی ئێمەدا
گۆڕێکی دی
بۆ خۆی  وباوکم  چێدەکات ..
پشیلە رەشە بریقە دارەکان
بەپەنجەرە  داخراوەکانی  ژورەکەدا هەڵدەزنان  و
لەسەر رایەخەکانماندا
تەرمی بێچوەکانی خۆیان دەخوارد
زەنگێك لێدا  و
دەیان خەون سەد  پرسیاری
لەزاکیرەمدا بەجێهێشت
هەر ئەو شەوە  لەخەونمدا
لەنێو تاریکی ئاسماندا خۆر هەڵات.. و
چەند  ساتێك بەرلەوەی خەڵکی وەئاگابێت
رەشی  پۆشی و لەچاو  وون  بوو
پانتاییەکان
چوون دڵی من  لێوان بوو
لەتەرمی  زیندوو
هیوای نێژراو
رستە خەمێکم بەدیوارەکانی هەتاودا هەڵخستبوو
تاچاو بڕکا درێژەی برد ...
وەکو شەقام
وەکو رێگاکانی سەفەر ..بێکۆتایی
ناتەبایی  من   وزەمەن لەو  جەنگەوەسەری  هەڵدا
لەشکستیدا کفنی مردووەکانیشەرگەی کرد  بە ئاڵا  ...
کەڵەبابێك  .. زەنگی سپێدەی لێدەدارادەچەنیم ..
نەمدەزانی  کام چارەنوس بەپەنجە درشتەکانی

**تارای سپی سەری شەو هەڵدەداتەوە ...**

**ساتێ دێ تۆش ئۆغر دەکەیت**

**وەکو سەفەری (کات) ەکان**

**کەس ناڵێ ئۆغرت خێر بێت**

**زەمەن لەنیگەرانی دڵی ساتەکان**

**بێ ئاگا دەگوزەرا**

**لە پەیڤینی ئێوارەیەکیمەلول ناحاڵی**

**شەقامەکانی دەپێواو**

**بەدەستارێکی روشاو**

**خۆزگەی دڵی**

**رۆژگارەکانی دەهاری**